# مەسعود بارزانی و ئەحمەد شەرع: گرژییەکانی ئێستای ناوچەکە مەترسیدارن



مەسعود بارزانی، سەرکی پارتی و ئەحمەد شەرع، سەرکی کاتیی سوریا، لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا تاوتوێی پەرەسەندنەکانی ناوچەکەیان کردوەو هۆشداریان داوە لەبارەی مەترسییەکانی گرژییەکانی ئێستای ناوچەکەو کردنەوەی ئامانجی وڵاتانی عەرەبی.

سەرکایەتی کۆماری سوریا لە راگەیەندراوەکدا وتی، ئەمڕۆ یەکشەممە، ئەحمەد شەرع، سەرکی کاتیی وڵاتەکە پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەڵ مەسعود بارزانی، سەرکی پارتی ئەنجام داوەو تاوتوێی پەرەسەندنەکانی ناوچەکەیان کردوە.

وەك لە راگەیەندراوەکەدا هاتوە، لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەدا هەردولا گفتوگۆیان لەبارەی گرژییەکانی ئێستاو لێکەوتەکانی لەسەر ئاسایش و سەقامگیریی ناوچەکە کردوە.

بەگوێرەی راگەیەندراوەکە، ئەحمەد شەرع جەختی لە گرنگی بەهێزکردنی هەماهەنگی و هاریکاریی کردتەوە بەشێوەیەك کە ببێتە مایەی چارەسەرکردنی قەیرانەکە جیاجیاکانی

ناوچەکە لەڕگەی ئاشتیانە و گفتوگۆوە.

هەر بەپێی راگەیەندراوەکە، هەردولا هۆشداریان داوە لەبارەی مەترسییەکانی بەردەوامی گرژییە بۆ پاساوەکان و کردنە ئامانجی وتانی عەرەبی.